کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
2-1-2007 23:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەست خۆش مالیکی ... تەها دەروێش نادر

هۆڵەندا



ئازایەتی هەر ئازایەتی یە گەر دوژمن بیکات یا عەرەب، لە سێدارەدانی سەدامیش زمانی ئەمڕۆی عێراق و فرسەتی پێ داگرتن وداکۆکی کردنە لە سەر مافە زەوت کراوەکانمان بە تایبەتی لەگەڵ تەواوی بەعسیەکان و زۆروتن نیە بڵێین چەقۆکێشەکانی سوننەش لەپاڵیدا.

بۆیە بڕیارێکی وا لەو جۆرە لە لایەن (نوری مالیکی) یەوە یەکەم تۆڵە بوو، دووەم ئوسلوبێکی مێژوویی و خۆڕسکی عەرەبەکانە، چونکە ئەوان لەگەڵ قەڵەم و دیالۆک هەمیشە شمشێرەکەی سەعدو زولفەقارەکەش بە قەدیانەوە یە کە لە ڕاستیدا کارێکی زۆربەجێ یە زمان وهەڵوێستی توند و جەربەزە زۆر شت بەلادا ئەخات، بۆ نموونە بینمان ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتۆن جگە لە پشتگیری مادی بزانە چۆن لە ناو عێراق دا وەک بوو لە قەپەرغەی هەموان هەڵتوقی!!

ئەی توخوا بۆ نەتەوەیەک ڕووبارێک خوێنی بۆ ئازادی و سەرفرازی دابێت تا ئێستاش پابەندی عێراق بێ؟

هیچ ناڵێم... ئەمەندە نەبێ زۆر چاوەڕوان بووم بۆ هەڵکێشانی خەنجەرەکەی کوردیش لە ڕۆژی هەق و حساب دا کە کاتێ بینمان لە کەناڵەکانەوە مالیکی ئیمزایەکی دوورو درێژی لە سەر هەڵواسینی سەدام کرد.

بۆیە ئەڵێم (مالیکی دەست خۆش ئەگەر عەرەب نەبویتایە بە ڕاستی خۆشم ئەویستی)



